دوو کەشتیوانی ئەمریکی دوای ٩ مانگ لە گیرخواردنیان بۆشایی ئاسمان دەگەڕێنەوە سەر زەوی

دوای نۆ مانگ لە گیرخواردنیان لە وێستگەی بۆشایی ئاسمانی نێودەوڵەتی، دوو کەشتیوانی ئەمریکی بە کەشتیی سپەیس ئێکس کریو دراگۆن گەشتی گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی دەستپێکرد، بەپێی گرتە ڤیدیۆییە ڕاستەوخۆکان کە لەلایەن ئاژانسی بۆشایی ئاسمانی ئەمریکی ناسا پەخشکراون.

میدیا جیهانییەکان ئاماژەیان بەوەدا، دوو کەشتیوانەکە ناویان (سۆنی ویلیامز) و (بۆچ وێلمۆر) کاتێک لە [illegible] مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوودا لە رێگای کەشتی ئاسمانی ستارلاینەری کۆمپانیای بۆینگ سەردانی بۆشایی ئاسمانیان کردووە، بەڵام کێشەیەکی تەکنیکی لە کەشتییەکەیاندا دروستدەبێت و رێگری لە گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی دەکات.

ئەوەش خراوەتەڕوو، دوای زیاتر لە نۆ مانگ مانەوەیان لە بۆشایی ئاسماندا، دوو کەشتییوانەکە لە رێگای کەپسولی SpaceX Crew Dragon ەوە گەڕانەوە بۆ سەر زەوی.